# له بواری پیشەسازی و وزەدا

# له بواری پیشەسازی و وزەدا

له ماوەی ساڵی ٢٠٠١دا حكوومەتی هەرێمی كوردستان هەوڵی بەردەوامی داوە بۆ بەرەوپێش بردنی كەرتی پیشەسازی و دابینكردنی وزەی پێویست و چارەسەركردنی ئەو گیروگرفتانەی كە تەگەرە دەخەنە بەردەم پێشوەچوونی ئیشوكارەكان و، لەم بوارەدا پێشكەوتنی بەرچاو هاتوونەتەدی.

ئەمەی خوارەوەش پوختەی گرینگترین چالاكییەكانە له ساڵی ٢٠٠١دا:

**یەكەم- كارەبا:**

هەرچەندە ڕێژەی بەرهەمهێنانی وزەی كارەبا تا ئێستە كەمترە لە دابینكردنی پێداویستییەكانی هەرێمی كوردستان، بەڵام حكوومەتی هەرێم چ لە ڕێگەی بەرنامەی ٩٨٦ و چ بە پشت بەستن بەتوانای زاتی خۆی، لە هەوڵی بێ وچاندایە بۆ دابینكردنی كارەبا بۆ هاووڵاتیان و، لەم بوارەدا دەسكەوتی باش بەدی هاتووە و كاری گرینگ ئەنجام دراون وەك:

١- كردنەوەی دوو وێستگەی ٢٩ مێگاواتی، یەكێكیان لە هەولێر و ئەوەی تریان لە دهۆك، كە زیاتر لە ٥٥ ملیۆن دۆلاریان تێ چووە و كارەبا بۆ شوێنە پێویستەكان دابین دەكەن.

٢- هێنانی ٤٠٩ مولیدەی بچووك بۆ پارێزگەی هەولێر كە توانای گشتی بەرهەمهێنانیان دەگاتە ٤٦٧٨٠ K.V.A. بۆ ئەم مەبەستەش ٦،٦٢٩،٠٠٠ دۆلار خەرج كراوە.

٣- هێنانی ٢٧٢ مولیدەی بچووك بۆ پارێزگەی دهۆك كە توانای گشتیی بەرهەمهێنانیان دەگاتە ٣٠٨٢٠ KVA و پاتی ٤،٤٨٤،٠٠٠ دۆلار بۆ ئەم مەبەستە خەرج كراوە.

ئەم مولیدانە كارەبای پێویست بۆ گەڕەكە هەژارەكان و بیرەكانی ئاو و نەخۆشخانەكان لە هەردوو پارێزگەدا دابین دەكەن.

٤- لێكۆڵینەوەی تەواو ئامادەكراوە بۆ ئاواكردنەوەی تۆڕەكانی ناوخۆی دابەشكردن و تۆڕەكانی گواستنەوەی وزەی كارەبا و دامەزراندنی وێستگە ناوەندییەكان و پارەی پێویست بۆ ئەم مەبەستە لەسەر بودجەی بەرنامەی ٩٨٦ تەرخان كراوە. بە ئەنجامدانی ئەو پرۆژانەش وا پێشبینی دەكرێ كە گرفتی كارەبا تا ڕادەیەكی زۆر چارەسەر بكرێت و هاووڵاتیانی كوردستان چیتر لە كارەبای گشتی بێ بەش نەبن.

خشتەی ژمارە (١) ئەو پرۆژانە دەستنیشان دەكات كە لەسەر بڕیاری ٩٨٦ ئەنجام دراون و ڕێژەی جێبەجێ كردنیان دیاری دەكات. وەك لە خشتەكەدا دەردەكەوێ تا ئێستە ٢٥٣،٣٩٢،٥٢٢ دۆلار لە بودجەی بڕیاری ٩٨٦ بۆ ئەم مەبەستە تەرخان كراوە.

٥- چەندین پرۆژەی كارەبا لەسەر بودجەی حكوومەتی هەرێم ئەنجام دراون وەك: دامەزراندنی تۆڕی كارەبای هەسنێ، دامەزراندنی تۆڕی كارەبای بلێ، دامەزراندنی تۆڕی كارەبای لیژێ، دامەزراندنی تۆڕی كارەبای شێخ سەیدا و چەندین پرۆژەی تر كە لە خشتەی ژمارە (٢)دا ڕوون كراونەتەوە. ئەم چالاكییانە بەگشتی ١،٥٤٧،٩٠٢ دیناریان تێچووە.

**دووەم- تەکنیک و بەرهەم:**

١- لەسەر ڕاسپاردەی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم هەوڵی زۆر دراوە بۆ پشتگیریکردن و هاندانی کەرتی تایبەت و ڕێنوێنیکردنیان، لە ئەنجامی ئەوەشدا نێزیکەی ٥٠ کارگە لە هەرێمدا دامەزراون کە سەرچاوەی کەرەستەی خاویان لە کوردستان دەست دەکەوێت و زیاتر لە ٣٠ ملیۆن دیناریان وەک سەرمایە بۆ تەرخان کراوە.

٢- کارگە حکومییەکان:

کە بریتین لە کارگەی جگەرەی هەولێر و کارگەی ڕستن و چنینی هەولێر و کارگەی مەڕمەڕی هەولێر و کارگەی قوتوبەندی هەریر و بنکەکانی مافووری هەرێم. لە ساڵی ٢٠٠١دا هەوڵی زۆر دراوە بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی کەرەستەی خاو و پەیداکردنی بازاڕ بۆ بەرهەمەکانی ئەم کارگانە بۆ ئەوەی لە زەرەر و زیان ڕزگاریان بێت و بەلای کەمەوە خەرجی و داهاتەکانیان بەرامبەر بێت و بتوانن خۆیان تەمویلی خۆیان بکەن، وەک لە خوارەوەدا ڕوون کراوەتەوە:

أ- لە ڕێگەی بەکرێدانەوەی چەند بنکەیەکی مافووری دەستکرد بەکەرتی تایبەتی، توانراوە ٨٠٪ی زەرەر و زیانەکان کەم بکرێتەوە و ساڵانە نێزیکەی ١.٢ ملیۆن دینار بگەڕێنرێتەوە بۆ خەزینەی حکومەتی هەرێم.

ب- کارگەی مەڕمەڕی هەولێر گەیشتووەتە خاڵی بەرامبەر و توانیویەتی خەرجی و مووچەی کارمەندانی دابین بکات کە نێزیکەی ٩٠ کارمەندن.

ج- توانراوە لە ڕێگەی دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمەکانی کارگەی جگەرەی هەولێر و ئەنجامدانی گرێبەستێک لەگەڵ کۆمپانیای (کانی) بۆ دروستکردنی جگەرەی تازە و بەکرێدانەوەی، زەرەر و زیانی ئەم کارگەیە کەم بکرێتەوە و هەوڵ و کۆشش بەردەوامە بۆ ئەوەی هەموو گرفتەکانی کارگەکە چارەسەر بکرێن.

د- هەوڵێکی زۆر دراوە بۆ ئەوەی بازاڕی گونجاو بۆ بەرهەمەکانی کارگەی ڕستن و چنین بدۆزرێتەوە و لەم بوارەدا پێشکەوتنی بەرچاو بەدی هاتووە.

هـ- کۆی گشتی داهاتی کارگە حکومییەکان لە ساڵی ٢٠٠١ دا ١٩,٣٨٠,٤٥٩ دینار و خەرجییەکانیش لە هەمان ساڵدا ١٦,٦٥٩,٦١٥ دینار بووە.

واتە لە ساڵی ڕابردوودا کارگەکان بەگشتی سەرەڕای ئەوەی کە توانیویانە لە داهاتی فرۆشتنی بەرهەمەکانیان تەمویلی خەرجییەکانیان بکەن، لە هەمان کاتیشدا مەبلەغی ٢,٧٢٠,٨٤٤ دینار قازانجیان هەبووە. ئەمەش بەوردی لە خشتەی ژمارە ٣دا ڕوون کراوەتەوە.

٣- پرۆژەکانی پیشەسازیی خۆراک:

أ- لە ساڵی ڕابردوودا کارگەی قوتوبەندی هەریر بەپێی پلانێکی ڕێکوپێک دۆشاوی تەماتەی بەرهەم هێناوە و ئەم بەرهەمە لە ڕووی چۆنایەتییەوە زۆر چاک و پەسندە و لە دۆشاوی بیانی باشتر بووە و توانیویەتی چ لە بازاڕەکانی ناوخۆ و چ لە بازاڕەکانی دەوروبەردا سەرکەوتووانە پێشبڕکەی بەرهەمەکانی ناوچەکە بکات و لە ماوەی وەرزی بەرهەمهێناندا هەموو بەرهەمەکە فرۆشراوەتەوە. هەروەها بەرهەمی تەماتە لە برا جوتیارەکان بە نرخێکی گونجاو کڕاوەتەوە کە ئەمەش هانیان دەدات بۆ پەرەپێدان و زیادکردنی بەروبوومەکانیان. لەلایەکی

تریشـەوە ئیشـوکاری دامـەزراندنی هێڵـی دووەمی کـارگەی قـوتووبەندی هەریر (هێڵـی ئاوی ترێ) بەردەوامە و ڕێژەی ٩٠٪ی تەواو بووە. تێچووی هەردوو هێڵی کارگەکە ٥.٢٣٦.٥١٠ دۆلار بوو.

ب- کـارگـەی ڕۆنی ئاکـرێ لەسـەر بڕیـاری ٩٨٦ جێبـەجێ کـراوە و وا چاوەڕوان دەکـرێ لە داهاتوویەکی نێـزیکدا بکەوێتـە کـار و پێداویستـییـەکانی بازاڕی نـاوخۆ لە بواری ڕۆنی ڕووەکدا دابین بکات. ئەم پرۆژەیەش ٩٠٪ی ئەنجام دراوە. تێچووی پرۆژەکە بەگشتی ١.٧٠٩.٠٠٠ دۆلارە.

ج- ژمارەیەک پرۆژەی تری پیشـەسازی خۆراک لەلایەن (UN)ەوە پەسند کـراون و پارەی پێـویستـیان بۆ تەرخان کراوە و لە قۆناغی موقاوەلەدان وەک:

کارگەی شیرەمەنی سیمێل، کارگەی شیرەمەنی سۆران، کارگەی بسکویت، مەجزەرەی هەولێر، مەجزەرەی دهۆک، کارگەی مەعکەرۆنی، کارگەی سرکە لە دهۆک، تاقیگەی تەکنەلۆجیای خۆراک، تاقیگەی پیشەسازیی خۆراک، مەڵبەندی کـۆکردنەوەی شـیر لە هەولێر و چەندین پرۆژەی تر کـە بەگشـتی ٢٣.٢٩٤.٠٠٠ دۆلاریان تێـدەچێت. ناوی پرۆژەکان و تێچووی هەر پرۆژەیەک و شوێنەکەی لە خشتەی ژمارە ٥ دا بلاو کراوەتەوە.

بێگومـان جێبـەجێ کـردنی ئەم پڕۆژانە دەبێتـە مـایەی بـووژاندنەوە و پەرەپێـدانی زیاتری ئابووری ولاتەکەمـان و دۆزینەوەی دەرفـەتی تری کـار و بەرهەمـهێنان بۆ هاوولاتیـان و لە هەمـان کـاتیـشـدا بووژاندنەوەی زیاتری کەرتی کشتوکاڵ و هاندانی جوتیاران بۆ پەرەپێدانی بەرهەمەکانیان لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە.

د- جگە لەمـانەش ژمـارەیەک پرۆژەی تری پیـشـەسـازیی خـۆراک کە بەگـشـتی ١٦.٥٧٥٠٠٠ دۆلاریـان تێ دەچێت خراونەتە ناو فێزەکانی ڕابردووی بەرنامەی ٩٨٦ەوە، بەلام تا ئێستە UN ڕەزامەندی لەسەر نەداون وەک:

یەکەی بەرهەمـهێنانی قوتووی مەعدەنی و یەکەی بەرهەمهێنانی سندووقی پلاستیکی لە کارگەی هەریر، کارگەی شوشـتنی خـوری، کـارگـەی بەرهەمـهـێنانی کـارتۆنی هێلکە، کـارگـەی صـابون، کـارگـەی ئاوی کـانزایی لە حـاجی ئۆمەران، کـارگەی شیـرنەمـەنی لە بەردەڕەش، کارگەی مافووری میـکانیکی و چەندین پرۆژەی تر کە لە خشـتـەی ژمارە ٦دا ڕوون کراونەتەوە.

**سێیەم- لە بواری نەوت و کانزاکاندا:**

أ- سـەرەڕای گیروگرفـتـەکان و نەبوونی بەرهەمـهێنانی نەوت لە هەرێم و کـەمی بڕی ئەو سـووتـەمـەنییەی کـە دەگـاتە کـوردستان و کـەمی ئەمبـاری پێویستی سووتەمەنی و کەلوپەلی تاقیگەکان و کەمی ئـامێری نوێ بۆ کـانەکان و ڕووپێوی جیۆلۆجی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بڕە سووتەمەنییەی کە دەگاتە کوردستان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک دابەش دەکرێت و سیـسـتـەمی کۆپۆن بۆ دابەشـکردنی بەنزین و غـاز پەیڕەو دەکرێت، ئەمـەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەو بڕە سووتەمەنییە بە دادپەروەریی بەسەر هاوولاتیاندا دابەش بکرێت.

لەمـاوەی سـاڵی ڕابردوودا ٥٩٢.٦٣٩.٠٧٥ لـتر سـووتـەمـەنی و ٢.٨٠٠.١٠٨ بوتڵی غـازی شل بە نرخی ڕەسـمی دابەش کراوە.

لە کـانە بەردەکـانی حکـومـەتدا ١٦.٦٥٠ تۆن بەردی مـۆزاییـک و ٢١.٥٠٠ تۆن خۆڵ و تێکەڵە دەرهێنراوە و لە بازاڕەکاندا فرۆشراوە.

ب- ڕووپێوی (مەسح)ی جیۆلۆجی:

لە بواری ڕووپێوی جیۆلۆجیدا زۆر کار و چالاکی ئەنجام دراون وەک:

١- ڕووپێوکردنی نیزیکەی ٤,٩٠٠ کم٢ لە پارێزگەی هەولێر کە ڕاپۆرت و نەخشەی جیۆلۆجی بۆ ئامادەکراوە و شوێنی بەرد و کانزاکان لەو ناوچانەی کە ڕووپێوکراون دەستنیشان کراوە.

٢- پشکنینی هونەری بۆ ٥٩,٠٤٩ تۆن بەرد لە پارێزگەی هەولێر ئەنجام دراوە کە داهاتەکەی ٢٩٥,٢٤٥ دینار بووە.

٣- ٨٧ مۆڵەت لە هەردوو پارێزگەی هەولێر و دهۆک دراوە.

٤- جێبەجێ کردنی ڕووپێوکردنی کارەبایی بۆ گەڕان بەدوای ئاوی ژێرزەوی لە ناوچەی گردەڕەشە لە پارێزگەی دهۆک.

٥- دروستکردنی نەخشەی جیۆلۆجیی ناوچەی تاوکی لە قەزای زاخۆ.

٦- دۆزینەوەی سێ جۆری بەردی مەڕمەڕ لە ٣ شوێنی جیاجیا لە پارێزگەی دهۆک.

٧- داهاتی پشکنینی هونەری لە پارێزگەی دهۆک ١,٣٥٨,٠٤٣ دینار بووە.

٨- جگە لەمانەش چەندین ڕووپێوی جیۆلۆجی لە پارێزگەکانی هەولێر و دهۆک ئەنجام دراون بۆ گەڕان بە دوای بەردی حەلان و بەردی مەڕمەڕ... هتد.

ئەمە پوختەیەک بوو لە گرینگترین کار و چالاکییەکانی حکوومەتی هەرێم لە بواری پیشەسازی و وزەدا. لە بەراوردکردنی خەرجی و داهاتەکانی ئەو بوارە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٠ و ٢٠٠١دا وا دەردەکەوێ کە لە ساڵی ٢٠٠٠ دا نیزیکەی ٤٤ ملیۆن دینار قازانج بەدەست هاتووە، کەچی لە ساڵی ٢٠٠١دا بۆتە ١٧٢ ملیۆن دینار، کە ئەمەش ٤ بەرامبەری قازانجی ساڵی ٢٠٠٠ بووە. لە ڕوانگەی ئەم ڕاستیانەی سەرەوە و بە ڕەچاوکردنی بایەخدانی زیاتری حکوومەتی هەرێم بە بابەتی پلاندانانی زانستیانە و ڕێکخستن و بەدواداچوونەوەی سەرجەم ئیشوکارەکان وا چاوەڕوان دەکرێ دەسکەوتی زیاتر و بەرچاوتر لەم بوارە گرینگەدا پێشکێش بە هاووڵاتیان بکرێت و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بە هەنگاوی خێراتر بەرەوپێشەوە بچێت.